# با ڕێ بە دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران بگرین !

**ریبوار عارف**

سیاسەتی لە چاوەرانی هێشتنەوەی پەنابەران بۆ دووسال و سێ سال تەنانەت زۆر زیاتریش ، سیاسەتێکی سەرتاسەری ئەم وولاتانەیەووە بە کردەوە سەرەتای قوناغی دیپورت کردنەوەی پەنابەرانە بۆ وولاتانیك لە لیوەی هەلهاتوون. وە لە راستی دا بەسەر بردنی ئەو دەورانە زیاتر بۆ تۆب باران کردنی بیرو ڕای گشتی و ڕەخسانی هەلومەرجێکی گونجاوە بۆ دیپورت کردنەوەی پەنابەران بەشێوەیەکی گشتی.

بۆیە لەم بارەوە دەبینین و دەبیستین کە بەشێك لە بیرکردنەوەو کاتەکانی سەرانی ئەم وولاتانە ، بە داڕشتنی نەخشەو پیلان بۆ هەڵسپاردنی بڕیارە نیونەتەوەکان لە پەیوەند بە مافەکانی پەنابەران و یەك دەست کردنەوەی خۆیانە بۆ دیپورت کردنەوەیان.

لەم بارەشەوە دیارە هاوکاری و یەك دەستی‌یەکی زۆر بەرچاو بەدی دەکرێت بۆ دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران بەشێوەکی گشتی.

ڕۆشنە مەسەلەی بەڕەسمی‌یەت ناسینی بوونی ئاسایش لە کوردستان وگەرانەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی قوربانیانی ڕیزی پێشەوەی پیلانەکانی ئەم وولاتانە. تایبەت مەندی یەکی دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی کورد لە نەخشەکانی ئەم وولاتانەدا هاودلی و یەك دەستی ئەم وولاتانەو UNHCRوحیزبە دەستەلاتدارەکانی کوردستانە. هەر بۆیە یەك بە یەکی ئەم وولاتانە کاتیك کە باس لە بارودۆخی ناوچەکەو بوونی ئاسایش دەکەن ، هەلویست و لیدانەوەی نووسینگەی UNHCR وحیزبە دەستەلاتدارەکان بە پیوانەیەکی سەرەکی وچارەنووساز لەقەلەم دەدەن.

<u>وولاتانی دراوسێی عیراق و دیپورت کردنەوەی پەنابەران</u>

یەکیك لە سەرەکی ترین ڕێگریەکانی تا ئیستتەی مەسەلەی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراق لە وولاتانی ئەوروپا ، قانع کردنی یەکیك لە وولاتانی دروسێی عیراقە کە ئامادە بیت ئەم دەیان هەزار ئینسانە لەڕێگەی سنوورەکانی ئەو وولاتانە دیپورت بکرێنەوە.

بەلام کاتێك کە قسە لەسەر وولاتانی دراوسێی عیراقە ، هیچ کێشەو ڕێگریەکی لەو چەشنە مانای نی بە ، بە حوکمی هاوسنوور بوونی ئەم وولاتانە لەگەل عیراق، بۆیە مەسەلەکە شێوازێکی تر دەگرێتە خۆی بەتایبەت بە لەبەر چاوگرتنی هاوکێشە سیاسی‌یەکانی ناوچەکەو پیلان و بەرژەوەندی‌یەکانی حکومەتەکانیان، بۆ دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران پێویستی بە ووشك بوونەوەی مرەکەبی بڕیارەکانیان ناکات بۆ جێ بەجێ کردن. لە لایەکی تریشەوە مەسەلەی پەنابەرای بۆ هەر یەك لەم وولاتانە بووتە کارتێکی مامەلە کردن لەگەل وولاتانی ئەوروپا بۆ وەرگرتنی ئیمتیازاتی سیاسی وئابوری ومسۆگەرکردنی نیازکانی خۆیان.

بۆیە کاتیك کە وولاتانی ئەوروپا دەیانەویت دەرواز بە تەواوی بەڕووی پەنابەراندا دابخەن ، ئیتر مەسەلەی ئیجرئات کردن لەگەل قاچاخچیان و داخستنی هەموو ناوچە سنووری یەکان بە ڕووی ئەو خەلکەدا ، دەبێتە گەورەترین دەنگی بڵندگۆکان و بیرورای گشتی پێ دەتەنرێت و سیاسەتی لەسەر دادەڕێژرێت.

وە بە کردەوە ئەم مەسەلە بۆ حکومەتی تورکیا تا ئاساتانەی بەدەستهینانی ئیمتیاز وەرگرتن چووە لە پەیوەندبە ڕێگە خۆش کردن بۆ بە ئەندام بوون لە ئەوروپای یەکگرتوودا ، بە هەمان شێوە بۆ جمهوری ئیسلامی ئێرانیش بووتە یەکێك لە بابەتەکانی سەر مێزی دیدارو گفتوگۆکانیان لەگەل وورلاتانی ئەوروپاو بەڕادەیەك بەرچاو بەهرەبەرداری لەم مەسەلەیە کراوە.

بۆیە هاوکات لە یەك دووسالی ڕابردودا هەزاران پەنابەری کورد لە تورکیاو ئێرانەوە دیپورت کراونەتەوە ، تەنانەت دەکرێت بڵێن سەدان کەسیش لەم بارەوە دەستگیر کراوەو کوژراون، کە تەنها لە یەك مانگی ڕابردودا زیاتر لە ١٠٠ پەنابەر دستگیر کراوەو دیپورت کراوەتەوە دنزیك بە دە پەنابەری تریش کوژراوەو گیان لەدەست داوە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە بۆ یەکەمین جار هەر لەم ماوەدا نیزك بە ٥٠٠ پەنابەری عیراقی لە لوبنانەوە ڕاستەخۆ دیپورت دەرکرێنەوە بۆ عیراق و کە کەسانیکیان دەست بەجی اعدام دەکرێن. خالی هاوبەشی ئەم دیپورت کردنەوانەش نەك تەنها بێ دەنگی بوونی UNHCR ە ، بەلکو بەبێ هاوکاری جدی ئەم نیهادە مەسەلەی دیپورت کردنەوەی پەنابەران مەحالەو ئیمکانی نی‌یە.

<u>بۆیە لەم بارەوە ئیستە کاتی ئەوە هاتووە کە بلین کەواتە دەبێت چی بکەین ؟</u>

ئەگەر سیاسەتی دیپورت کردنەوەی پەنابەران سیاسەتێکی سەرتاسەری ئەم نیهادو حکومەتانەیە ئەوا بیگومان هاتنە مەسیدان و لەمپەر دروست کردنیش بەهەمان شێوە پێویستی بە هێزێکی سەرتاسەریە.

www.kurdistannet.org

هەربۆیە هەلقەی سەرەکی هەلسوڕانمان دەبێت سەرتاسەری کردنەوەی ناڕەزای دەربڕینەکان و ڕاوەستەوەمان بێت دژ بە سیاسەتی دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران لەم وولاتانەو لە وولاتانی دراوسێی عیراق دا.

کە دیارە بە حوکمی ئەوەی تورکیا بووتە دەروازیەکی گرنگی ڕوو کردنە هەندەران و هاتنە ئەوروپا، چ لە ڕێگەی وەرگرتنیان لەلایەن UNHCR وە چ لە ڕیگەی نا یاسای یەوە ، وە هاوکات جگە لەوەی کە بە تایبەت لەم دەورەدا تورکیا بووتە پڕ مەترسی ترین وولاتیك کە بە کردەوە پەنابەرانی تێدا دیپۆرت دەکرێتەوە هاوکات تا ئێستەش دەستپێشخەرترین وولاتیکە کە لەبەرامبەر وەرگتنی ئیمتیازاتیکدا، ئامادەی قبولْ کردنی ئەگەری گەرانەوەی پەنابەرانە بۆ کوردستانی عیراق.

بۆیە دەبێت لە ئێستەدا زیاترین توانایەکانی خۆمان بۆ ڕاگرتنی دیپورت کردنەوەی پەنبەران لە تورکیاوە بەرەو کوردستانی عیراق بەگەر بخەین ، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبیتە لەمپەرێکی جدی بۆ ڕێگری لەبەردەم ڕێکەوتنەکانی ئەم وولاتانە لەگەل حکومەتی تورکیادا ، ئەوەی دەتوانێت ئەو لەمەپەرە جدی و چارەنوو سازە مسگۆر بکات ، نارەزای دەربرین و هاتنە مەیدان و پشت بە ستن بە حیزب و نقابە کریکاری و ریکخراوە پیشەی و ئینسان دۆستەکانە کە لە ئاستیکی بالادا نارەزایەتی خۆیان دەربرن دژ بە سیاسەتی دیپورت کردنەوەی پەنابەران و پەردە هەلْمالْین لە ڕووی هەر جۆرە هاوکاری و ڕێکەوتنیکی نێوان حکومەتی تورکیا و UNHCR. بۆیە پیویستە تەواوی هیزو تواناماں بخەینە پشت سەر کەمپنی ریگرتن بە دیپورت کردەوەی پەنابەران لە تورکیا !

www.kurdistannet.org